# ئایا دەستی کرێچی دەستێکی ئەمانەتە یان دەستێکی زەمانەتە ؟

[ کردي – کوردی – kurdish ]

شێخ عبد الله بن عبد الرحمن الجبرين

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# هل يد المستأجر والمكتري يد أمانة أم يد ضمانة ؟

« باللغة الكردية »


## الشيخ عبد الله بن عبد الرحمن الجبرين

يرحمه الله تعالى



ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ئایا دەستی كرێچی دەستێكی ئەمانەتە یان دەستێكی زەمانەتە ؟

**پرسیار :** ئایا ئەو كەسەی كە شتێك بەكرێ دەگرێت، ئەو شتەی لایەتی وەك ئەمانەت لەدەستیایەتی، یان بە زەمانەت لایەتی؟

**وەڵام:** الحمد لله والصلاة والسلام علی رسول الله وعلی الە وصحبە وسلم ڕای ڕاست ودروست لای زانایان ئەوەیە دەستی ئەو كەسەی كە شتێك بەكرێ دەگرێت دەستێكی ئەمانەتە، چونكە خاوەن ماڵەكە متمانە وباوەڕی پێكردووە وئەو شتە یان ئەو ماڵەی بەكرێ پێداوە بۆ ئەوەی  كە سوودی لێ وەربگرێت لەبەرامبەر كرێیەك كە پێی ئەدات .

بۆ نموونە ئەگەر هاتوو كەسێك ووشترێكی گرت بەكرێ بۆ ئەوەی ماوەیەك سواری ببێت، یان مەڕێكی بەكرێ گرت بۆ شیرەكەی، یان گایەكی بەكرێ گرت بۆ ئەوەی جووتی پێ بكات، یان جلوبەرگێكی بۆ ماوەیەك بەكرێ گرت بۆ ئەوەی لەبەری بكات، یان شمشێرێك بۆ ئەوەی جیهادی پێ بكات، ئەگەر هاتوو ئەو شتەی كە ئەو كەسە گرتوویەتی بەكرێ لەوكاتەدا بەكاری دەهێنێت تیاچوو یان خراپ بوو، ئەگەر هاتوو كەمتەرخەمی نەكردبوو لەپاراستنی، یان بەشێوەیەكی ئاسایی ئەو شتەی بەكار هێنابوو، ئەوا ئەو كەسە زامنی ئەو شتە نییە و لەسەری

واجب نییه كه ئەو شته بۆ خاوەن ماڵەكە بكڕێتەوە یان نرخەكەی بداتەوە .

بەڵام ئەگەر هاتوو كەمتەرخەمی كردبوو، بۆنموونە ئەو مەنجەڵەی بەكرێی گرتووە لەسەرە ڕێگایەك داییینا و دزرا، یان لەنزیك ئەو جلوبەرگەی كە بەكرێی گرتووە ئاگرێكی كردەوە، یان ئەو مەڕەی لای بوو بۆ شیرەكەی نەیخستە پەچە و (گەوڕی ئاژەڵ) ودەرگای لەسەر دانەخست و دزرا یان گورگ خواردی، یان عەلەف و كا وجۆی پێ نەدا تاوەكو مردار بوویەوە، لەم كاتانەدا ئەو كەسەی شتەكەی بەكرێ گرتووە دەبێتە زامنی و واجبە لەسەری كە ئەو شتەی كە فەوتاوە یان لەناوچووە بۆی بكڕێتەوە یان نرخەكەی بداتەوە ئەگەر خاوەن ماڵ داوای نرخەكەی كردەوە .

بەڵام ئەبێت بزانین ئەو كەسەی كە شتێك یان كەلوپەلێك یان هەرشتێك لەكەسێك ئەخوازێت ( ئیستعارەی دەكات) یان داگیری دەكات لێی، ئەوە لەهەموو كاتێكدا دەبێتە زامنی ئەگەر ئەو شتەی لای بوە فەوتا ویان تیاچوو، چونكە دەستی ئەم دوو كەسە دەستی زامنن، زانایانیش ووتویانە (ید المسعیر والغاضب فإنهما ید ضمانة) .

خوای گەورە زانا وشارەزاترە .

لەلایەن : شێخ عبد اللە بن عبد الرحمن الجبرین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) وەڵام دراوەتەوە .